## هونەرمەند نیان عەبدوڵڵا بۆ گوڵان

# زۆر باوەڕم بە کلیپ کردن نییە

***نیان عەبدوڵڵا لە سلێمانی ژیان بەسەردەبات و ماوەی دووساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٩٦ـەوە دەستی بەکاری هونەری کردووە و خاوەنی ٣٢ گۆرانی تۆمارکراوە، لەساڵی ١٩٩٩ کۆنسێرتێکی لەشاری سلێمانی سازکردووە، ساڵی ٢٠٠٤سیدی کەرنەڤاڵی خەونەکانی بڵاوکردۆتەوە، لە داهاتوودا سیدیەکی نوێی دەکەوێتە بەردەست، ئەندامە لە تیپی کۆراڵی یەکێتی ژنانی کوردستان. لەدیدارێکی گۆڤاری گوڵان خاتوو نیان بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.***

***دیمانە/ سۆزان عەلی***



***بۆچی کلیپی ساقی بڵاونەبوویەوە؟**

-پێش چەند هەفتەیەك لە رۆژنامەکانەوە ئەوەم بڵاوکردەوە کە بەمزوانە کلیپی ساقی-م بڵاودەبێتەوە، بەڵام بەداخەوە هۆکاری بڵاو نەبوونەوەی کلیپی ساقی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دوای بینینی کلیپەکەو مۆنتاژی کلیپەکە. نەمتوانی بڵاوی بکەمەوە، چونکە مۆنتاژەکەیم بەدڵ نییە. بۆیە گوێگرانی خۆم ئاگادار دەکەمەوە کە بۆ ماوەی زیاتر لە 15 رۆژ کلیپەکەم دوادەکەوێت تا ئەو کارە تەکنیکیانەی تەواو دەبێت ئەو ماوەیە دەخایەنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماوەیەکی زۆرە کلیپم نەکردووە بۆیە دەمەوێ ئەم کلیپەم بە کوالێتەیەکی زۆر بەرزەوە دابەزێت. ئەوەی راستی بێت ئەبوایە ئێستا کاری سێدیە نوێیەکەم تەواو ببوایە. هەرچەندە زۆربەی کارەکانی بەڕێکەوتووە، بەڵام بەهۆی بەشداری کردنم لە فیسیڤاڵی گەورەی نەمسا لەگەڵ تیپی کۆراڵی کچانی سلێمانی نەمتوانییەوە کارەکانی ئاوا بەزوویی راپەڕێنم. بۆیە کاری تەواوبوونی سیدیەکەم دواخستووە بۆ دوای سەفەری نەمسا.

*** هۆکاری کەمی کلیپی نیان عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە بۆچی؟**

- زۆر باوەڕم بەکلیپ کردن نییە، ئەوکاتیش کە دەستم بەکاری هونەری کردووە، کلیپم کەم کردووە، ئەگەر چی کلیپ مەرجێکی تایبەتە بۆ گۆرانی بێژ، بەڵام کلیپیش کات و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆیە زۆر کلیپ ناکەم.

*** ئەو ئاوازانەی کە کاری لەسەر دەکەیت زیاتر هی کێییە؟**



-وەك یەكـەم تەجروبەم لەئـاواز داناندا ئاوازی دوو گۆرانیم خۆم دامناوە، چەند هاوڕێیەكـی ئاوازدانەر گوێیان لێگرتووە زۆریـان بەدڵە. ئـەو دوو گۆرانییەم كە ئاوازی خۆمە هۆنراوەكانی لەلایەن كەنار بێباك دانراوە. دوو گۆرانی بادینیشم لەم سـیدیەدا هەیە ئەوانیش هۆنراوەی كەریم بەدەلە و ئاوازی ئدریس باڵەتەی-یە.

*** كام جۆرانـەی هۆنراوە بەكاردەهێنی، نوێ یاخود كلاسیك؟**

- زۆرم پێخۆشـە كار لەسـەر شـیعری كلاسـیك بكەم، بەڵام تایبەتمەندی ئەو شیعرە كلاسیكیانە وایە ئاوازی تایبەتیان پێویسـتە، بۆیە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی كەمتر ئیش لەسەر شیعری كلاسیك بكەم. بۆیە چەندین گۆرانیم هۆنراوە نوێیەكانە و زۆریشیان لێرازیم.

***پێتخۆشـە كام هونەرمەنـد ئاوازت بۆ دابنێت؟**

- زۆرم پێخۆشـە كاك بەهجەت یەحیا و عەدنان كەریم ئاوازی گۆرانیم بۆدابنێن، چونكە زۆرم پێباشە بەو ستایلەش گۆرانی بڵێم، بەڵام بەهۆی ئەوەی پێوەندیم لەگەڵیان نییـە، نەمتوانیوە لەكاتـی هاتنەوەیاندا بیـان بینم و ئەو پێشـنیارەش بخەمـە بەردەسـتی ئەو هونەرمەندانە.

***ئـاوازی رەسـەن و نـوی لای تـۆ چی دروستكردووە؟**

- رام لەسەر هەبوونی هەردوو ستایلی كـۆن ونـوێ هەیە، هەردوو سـتا یلە كە پێویسـتی ئەم قۆناغەن، بـەڵام هەندێك لـە هونەرمەندان هەن توانایەكی هونەری باشـیان هەیە توانیویانە لەسـەر هەردوو ستایلەكە ئیش بكەن. بۆیە زۆر جار ئەوانە سـەركەوتوو دەبن كە بەو شـێوەیە ئیش دەكەن. بۆنموونە من لەسەر سۆ فیگەرێتی ئاوازم داناوە و لەنۆێشدا ئیشم كردووە بۆیە پێویستە لەهەردوو شێوەكە هەبێت باشە.

*** ئەمە چەندەمین جارە سەفەری دەرەوە بكەن؟**

-ئەمە دووەمین سـەفەرە كـە دەیكەم، ئەویـش تایبەتە بە بەشـداری كردنم لە فیسـتیڤاڵی گۆرانی وڵاتی نەمسا. لەم سەفەرانەماندا بەسـەر هات و بیرەوەری زۆرمان هەبوو. ئـەوەی كەئێمە بەپلەی چوارەمی فیستیڤاڵەكەوە هاتینەوە ئەوە بۆ خۆی خۆشترین یادەوەریمانە كە تائێستاش لەیادمـدا مایێـت. ئەم جـارە دەتوانین بەئاسـتێكی زۆرباش گۆرانی كلاسیكی ئەوروپـی بڵێین. بەو تەمەنە كورتەی كە گروپی كیژانی سلێمانی هەیەتی. ماوەی سی سـاڵە دامەزراوە. بەو پێیەی كە ئەو تەمەنە كورتەی هەیە، بەڵام بە ئاستێكی زۆر بـاش گۆرانی دەڵێیـن، هیوادارین ئەمجارە پلەیەكی باشـتر بەدەست بێنین.

*** لەناو كچە گۆرانی بێژەكانی خۆمان كامـە دەنگی كچت پێخۆشە؟**


- زۆر دڵخۆشـم ئێسـتا لەم قۆناغـەدا ئەوەندە هونەرمەنـدی كچمان زۆرە هەرچەنـدە لەو كاتەی كەمن دەسـتم بەگۆرانی وتن كرد، كچی گۆرانـی بێژمان كەم بوو. بەڵام ئێسـتا جێگەی دڵخۆشیە. گوێ دەدەمە دەنگی زۆربـەی هـەرە زۆری كچـە گۆرانی بێژەكان، ناتوانم كەسـیان تایبەت بكەم، چونكە هەموویانم پێخۆشە، لەهونەرمەندە رەسـەنەكان كەوەك قوتابخانەیەك وابوون بۆ ئێمە. سـەرەتای كاری هونەریم گوێم لێدەگرتن، بەڵام ئێسـتا نا واهەست دەكەم پێویسـت ناكات بەردەوام گوێیان بدەینێ، چونكە سـتایلی ئەو وتنانەم زانیوە، پێم باشـە ئێستا گوێ لە شـتی تازە بگرم، چونكە پێویستم بەو ستایلەیە.

*** لەسەر كۆپی كردنی سیدی چی دەڵێت بەگوێگرانی دەنگت؟**

- ئەم سـیدیەم بەرهەمهێناوە بە دنیایەك ماندوو بوون و تێچوونێكی زۆری ماددی. بۆیـە داواكارم لە خەڵكی كەسـیدیەكەم كۆپـی نەكـەن و هۆشـیاری وەرگرن لەسـەر كۆپی نەكردنی سیدی، با ئەرك و ماندوبوونـی هونەرمەند عارەبانچی و تۆمارگەكان نەیخۆن.



# برۆس ویلس لە یاداشتەکانی ژنەکەی ناترسێت



ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی برۆس ویلس رایگەیاند کە بە هیچ شێوەیەك لە یاداشتەکانی دیمی مۆری کۆنە هاوسەری ناترسێت.
برۆس لەم بارەیەوە رایگەیاند: من دڵنیام کە بەر لە بڵاوکردنەوەی یاداشتنامەکانی دیمی من هیچ دانەیکم دەست ناکەوێت،، بەڵام هیچ ترسێکی لەو یاداشتانە نییە کە بڕیار وایە دیمی لە ساڵی 2012 بڵاوی بکاتەوەی، برۆس هەروەها گوتی: بەگوێرەی زانیارییەکانم یاداشتەکان تایبەتن بە تەمەنی منداڵی دیمی مۆرەوە تا ئەو کاتە بوو بە ئەستێرەیەکی سینەمایی بەناوبانگ و باس لەو کاتە ناکات کە پێکەوە بووین.

## لە چین
# هەڵمەتێک دژی پەیکەرە خراپەکانی ماو

پۆلیسی چین هەڵمەتێکی دەستپێکردووە بۆ دڵنیا بوون لە کوالیتی ئەو پەیکەرانەی بۆ ماوتسی تۆنگ دروستکراون، بەتایبەتی ئەوانەی بەم دواییە لە هەندێك شوێن دەفرۆشرێنە گەشتیارە بیانییەکان.
ئاژانسی هەواڵی شینجوا رایگەیاند هەندێك لەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەی (شاوشان) یان کردووە لە هەرێمی هینان شوێنی لەدایکبوونی ماو گلەییان کردووە کە هەندێکی لەو پەیکەرانەی کڕیویانە وەك پێویست نییە و کوالیتی زۆر خراپە، شینخوا لەسەر زاری بەرپرسێکی ناوچەکە رایگەیاند: فرۆشتنی ئەم جۆرە پەیکەرانە کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر جولەی گەشتیاری لە هەرێمەکەیان، چونکە ساڵانە داهاتی پەیکەرەکان دەگاتە زیاتر لە 14 ملیۆن دۆلار، لە هەمان کاتدا هەستی بیانییەکانیش بەرامبەر کەسێکی وەك ماوتسی تۆنگ دەگۆڕێت، بۆیە بڕیارمانداوە لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە ئەو پەیکەرانەی کوالیتیان وەك پێویست نەبێت ئەوا تێکدەدرێن.



## نەجوا کەرەم:
# بەرازیل دەبێتە پاڵەوانی مۆندیال



خانمە هونەرمەندی لوبنانی نەجوا کەرەم دەربارەی یارییەکانی مۆندیال کە ئێستا لە وڵاتی باشووری ئەفریقیا بەڕێوە دەچێت گوتی: بە بڕوای من بەرازیل دەبێتە پاڵەوانی مۆندیال، چونکە ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە.
نەجوا کەرەم هەروەها رایگەیاند کە هۆڵێکی سینەمای گەورەی لە ماڵی خۆیدا ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ خێزانەکەی و هاوڕێکانی سەیری یارییەکان بکەن، دەربارەی نوێترین ئەلبومی خۆیشی نەجوا رایگەیاند یەکسەر دوای کۆتایی هاتنی یارییەکانی مۆندیال ئەلبوومەکەم بڵاودەکەمەوە، چونکە ئێستا بەشێکی زۆری خەڵك بەتایبەتی لاوەکان بە سەیرکردنی یارییەکانی مۆندیالەوە خەریکن.

# منداڵی لێ قەدەغە کرا



کچە ئەکتەر ئیڤا لۆنگۆریا ڕایگەیاند کەوا ناتوانێت لە ساڵی 2010 منداڵی دیکەی بێت نەك لەبەر چەند هۆکارێکی تەندروستی یان خۆی حەز ناکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنەری نوێترین زنجیرەکانی منداڵ بوون و سکپڕی لێ قەدەغە کردووە.

لۆنگۆریا دەڵێ: من و تۆنی پارکەری هاوسەرم بڕیارماندا بوو ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەمان لەم ساڵدا زیاد بکەین، بەڵام بەرهەمهێنەی ئەو زنجیرەیەی کە بە ناوی (Desperate House Wives)ە وبڕیارە بەشداری تێدا بکەم ڕێگای پێنەدام، چونکە مارشا کرۆس کە ئەویش لەگەڵم بەشداره سکی هەیە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیناریۆکەی گۆڕانکاری بەسەردا بکرێت و نووسەری سیناریۆکەی تووشی گرفتێکی گەورە کردەوە، هەروەها ڕەنگە ببێتە هۆی دواکەوتنی سکپڕیەکەم، چونکە هەفتانە سێ تا چوار ڕۆژی خەریکی کارکردنم لە لۆس ئەنجلۆس و کۆتایی هەفتە دەگەڕێمەوە تکساس.

شایەنی گوتنە ئیڤا هاوسەری تۆنی پارکەری یاریزانی تۆپی سەبەتەی ئەمریکییە.

# لەسەر کچێکی ئیسرائیلی خالد نەبەوی سزا دەدرێت



نەقیبی هونەرمەندانی میسری ئەشرەف زەکی بڕیاریدا لێکۆڵینەوە لەگەڵ هونەرمەند خالد نەبەویدا بکرێت دوای ئەوەی بە هاوبەشی لەگەڵ کچە ئەکتەری ئیسرائیلی لیزار شارخی بەشداری لە فیلمی (اللعبە العادلە) دا کرد و ئەم فیلمە کە ناومی واتسی ئەکتەری هۆلیۆدیش بەشدار بوو لە فیستیڤاڵی (کان)ی سینەمایی بەشدار بوو و ئەو وێنانەی خالد کە لەسەر فەرشی سووری کان لەگەڵ لیزار بڵاوکرانەوە زیاتر هونەرمەندانی میسری تووڕە کرد و نارەزاییەکی زۆریان دژی خالد دەربڕی.

ئەشرەف زەکی ڕایگەیاند کە خۆی قسە لەگەڵ خالد نەبەوی دەکات سەبارەت بەم مەسەلەیە، چونکە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای هونەرمەندانی میسر نابێ بەهیچ شێوەیەك ئەکتەرانی میسری بەشداری لە کارێکدا بکەن بە هاوبەشی لەگەڵ ئەکتەرانی ئیسرائیل و لیزار شارخیش پێشتر لە ڕیزی سوپای ئیسرائیلی کاری کردووە بۆ ماوەی دوو ساڵ.

شایەنی باسە لەم فیلمەدا خالد ڕۆڵی زانایەکی ئەتۆمی عێراقی دەبینێت و لیزاریش ڕۆڵی کچێکی ئەمریکی کە دەیەوێ هەندێك زانیاری لە خالد وەربگرێت دەربارەی هێزی ئەتۆمی عێراقی.

# شاکیرا شێتی نەستەلەیە

ئەستێرەی جیهانی شاکیرا ڕایگەیاند کە زۆر حەز لە نەستەلە دەکات بە ڕادەیەك ئەوکاتەی سیستەمێکی خواردنی زۆر توند و تایبەتی پەیڕەو دەکرد خەونی بە نەستەلەوە دەبینی.

شاکیرا هەروەها دەڵێ: بەر لە تۆمار کردنی گۆرانی (شی وولف) پێویست بوو سیستەمێکی خواردنی زۆر توند پەیڕەو بکەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و بە هیچ شێوەیەك بۆم نەبوو نەستەلە بخۆم بۆیە زۆر جار خەونم پێوە دەبینی و بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام بۆی دەگریام، هەر بۆیە دوای تۆمارکردنی گۆرانییەکە یەکسەر چووم بۆ قاوەخانەیەك و پێنج پارچە نەستەلەی کاتۆم خوارد.





**گلەییم لە ئەدای کارکردنی راگەیەندنەکان هەیە**

*** رەسـەنایەتی هونەری کوردی چۆن پێناسە دەکەیت؟**

- بە داخەوە ئێستا زۆر ئەم پرسیارە ئاراستەی ئەوانە دەکرێت کەوا خۆیان فەوزیان لە بوارەکە دا دروستکردووە و ئەوان قسەیان لەو رووەوە هەیە، زۆریـک لە بەرهەمە هونەرییەکان نەبۆن و بەرامەیەك نە رەسەنایەتییەك بە کارەکانیانەوە بەدی ناکرێت، هەر چەند گەشبینم بە داهاتووی هونـەری کوردی و رەشـبین نیـم، بەداخەوە میدیاکانیش زۆر خەتابارن لە بڵاوبوونەوەی ئەم قەیرانە کە تووشی هونەری کوردی بۆتەوە.

*** لەو بەرهەمانەی کەوا پێشکەشـت کردوون هیچ گۆرانییەکت گوتووە گوزارشـت بێت لە ژیانی تایبەتی خۆت؟**

- ئەگەر هونەرمەند بە ویژدانەوە لە هونەرەکەی بڕوانێت، لە رستیدا کارێك ناکات نەشیاو بێت، لە رستیدا کارم لەسـەر ئەو تێکستانە کردووە کەوا شـاعیرە گەورەکانی کورد نووسیوویانە، جیاواز لـەوەش کارێکم کـردووە کەوا لەگەڵ هەست و ئیحساسی خۆمدا یەکی گرتبێتەوە.

***هیـچ گۆرانییەکت گوتووە بۆ کەسـێکی دیاریکـراو بێت یان بۆ کەسـێك بوویێت کەوا خۆشت ویستبێت؟**

-بەو شێوازە نەبووە.

***ئەی خۆشەویسـتی بوونی هەبووە لە ژیانی ئیسماعیل سابووری دا؟**

- ئەی چۆن ژیان بەبێ خۆشەوسـتی ناکرێت و هیـچ بەهایەکی نییە بەتایبـەت هونەری مۆسـیقا، ژیانی خۆشەویستی من لەو کاتەوە دەستی پێکرد کەوا خۆم ناسیووە.

*** تۆ بە خۆشەویسـتی ژیانی هاوسـەرێتیت پێکهێناوە؟**

- بۆ پێکهێنانی یەکەم ژیانی خۆشەویسـتی بۆ ماوەی سـاڵێك پێوەندی خۆشەویسـتیمان هەبووە، بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێناوە، جاری دووەم کەوا ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێناوە بە خۆشەویسـتی نەبووە، بەڵکو بە رێکەوت پێکمهێناوە، هاوسـەرکەم هەورامییە خەڵکی تەوێڵەیە.

***چی بێزارت دەکات؟**

- کاتێك ئافرەتێك ببینم کەوا ناسازییەکی هەیە، گریانی منداڵێکی بێ دایك و باوك، دڵ تەنگم بۆ ئەوانەی رەنج دەدەن کەچی هەوڵەکانیان بە خۆڕایی دەڕوات، هەرگیز تووڕە نابم، بەڵام خەم دەخۆم.

*** کەی بیر لە دروستکردنی بەرهەمێکی نوی دەکەیتەوە؟**

- ئێسـتا لە کاتی بیرکردنەوەی بەرهەمێکی نوێم و ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە کاری لەسەر دەکـەم، بەڵام بە هـۆی نەبوونی ئیمکانیەتی ماددییەوە کارەکەم دوا کەووتووە.

***ئەگەر بکرێت لەسەر ئەو کارە نوێیە زیانیاری زیاترمان بدەیتێ؟**

-دیارە ئەم بەرهەمەم بریتییە لە (8) گۆرانی و دوو مەقـام کە دوو گۆرانیـان فۆلکۆرن و تازەگەریم تیا کردوون، کاری تۆمارکردنی ئەم بەرهەمانە لە هەولێر دەبێت.

***هەندێك لە گۆرانییە رەسەنەکان بە شێوەیەکی نۆی لەلایـەن هونەرمەندانەوە نوێ دەکرێنەوە، نوێکردنـەوەی ئـەو بەرهەمانە رەسـەنایەتی هونەرەکە کاڵ ناکاتەوە و دواجار نۆیکردنەوەی ئەو بەرهەمانە چ ئامانجێکی لە پشتەوەیە؟**

- لەگـەڵ ئەو بۆچوونەوەم کـەوا هەندێ لەو بەرهەمانە رەسـەنایەتی خۆیان لە دەست داوە، دەکرێـت بە وریاییـەوە مامەڵـە لەگەڵ ئەو بەرهەمانە بکرێت کەوا نوێ دەکرێنەوە، گوناهە هەندێك بەرهەمی رەسەن بیر لە نوێکردنەوەیان بکرێت.

*** تـۆ خاوەنی سـتایلێکی تایبەت بە خۆتی کەی بیر لە گۆڕینی ئەو ستایلە دەکەیتەوە؟**

- ئەو سـتایلەی من لەگەڵ سـیماو هەست ئیحساسـی مندا گونجاوە، ئـەو کاتە بیر لە


هـونـەری
گوڵان
ژمارە (٧٨٧)
٢٠١٠/٦/٢٨

## هونەرمەند ئیسماعیل سابوری بۆ گوڵان

# جارێک بە خۆشەویستی و جارێک بە ڕێکەوت ژیانی هاوسەرێتیم پێکهێناوە

*ئیسماعیل سابوری هونەرمەندێکی دیار و بەئەزموونی نێو دنیای هونەری ڕەسەن و مۆسیقای کوردییە و توانیویەتی تا ئاستێکی باش خزمەتی خۆی لەو بوارەدا پێشکەش بکات، ئەو یەکێکە لە هونەرمەندەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە سلێمانی نیشتەجێیە، لەدیدارێکی گۆڤاری گوڵان بەڕێزیان بەمشێوەیە هاتە ئاخاوتن.*

*دیمانە:سۆران مارف کەریم*
Soran_marf1980@yahoo.com



گۆڕینی ئەو ستایلە دەکەمەوە کە بزانم جوانتر کار لەسەر دروستکردنی ئیحساسێکی هونەری نوێ دەکەمەوە، پێموایە تاوەکو ئەم کاتە ئەم هەوڵە نەبووە.

*** تۆ کەمێک گۆرانی و بەرهەمی هونەریت بینراوە لەکاتێکدا کەسێکی لەو هونەرمەندانەی خاوەنی ناوبانگێکی هونەری باشیت، هۆکاری ئەو ناوبانگە هونەرییەی تۆ بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- خاوەنی ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی هونەریم، بەڵام بەداخەوە سرووشت وایکردووە کەمێك لەو بەرهەمانە بگاتە گوێی بیسەری هونەری کوردی، خاوەنی زیاتر لە سەدو سی بەرهەمی هونەریم.

*** جیاوازییە هونەرییەکان کامانەن لە نێوان هونەر لە کوردستانی باشور وهونەر لە کوردستانی ڕۆژهەڵات؟**

- وەڵڵا جیاوازی زۆر دەبینم، بە داخەوە هونەرمەندانی کوردستانی باشوور گرنگی زیاتر نادەن بەوەی زیاتر فێر بن و هەوڵی زیاتر شارەزایی بدەن لە بواری هونەری کوردیدا، بەڵام لە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەمە پێچەوانەیە. ئەو توانایی و بەهرەمەندی و هەوڵە جددیانەی لە مۆسیقای هونەری ئێرانی هەیە، پاڵپشتە سەرەکییەکەی هونەرمەندانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتن. هەوڵ تەقەلای ئەوانە هونەری ئێرانی بردووە بە ئاستێکی بەرزەوە، بەداخەوە لێرە پاڵپشتی هونەری کوردی هونەری عەرەبی و تورکییە.

***کەواتە هەنگاوەکان چین بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەرشیفی هونەری ڕەسەنی کوردی؟**

- خۆزگە بەرپرسێکی باڵا بوومایە تا بمتوانیایە لیژنەیەکی هونەریم دابنایە بۆ جیاکردنەوەی کارە خراپەکان لە کارە هونەریە باشەکان و کەس حەقی ئەوەی نەبوایە بێ بڕیاری ئەو لیژنەیە کارەکانی بڵاو بکردایەتەوە تا هونەری کوردی لەو قەیرانەی کە ئەمڕۆ هەیە ڕزگاری بێت.

بەرپرسی فایلی هونەری: خەلیل بلەیی
بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504494920
huneri@gulan-media.com

## رۆژ کەریم:

# بەداخەوە ئێمە زیاتر هونەرمەندی بێگانەمان لا خۆشەویستە

*ماوەی ٢٥ ساڵ دەبێت هونەرمەند رۆژ کەریم لە رێگەی گۆرانی و مۆسیقاوە، خزمەت بە هونەری کوردی دەکات، هەر کاتێك بەرهەمێکی پێشکەش کردبێت ئەگەر لە هی یەکەم باشتر و رەسەنتر نەبووبێت، ئەوا لێی کەمتر نەبووە و بوونی خۆی پێ سەلماندووە بۆ جەماوەر، هەروەها هونەرێك پێشکەش دەکات کە تێکەڵێکە لە هونەرێکی نوێ و سەردەمیانە لەگەڵ هونەری رەسەنی کوردی، رۆژ کەریم ئێستا لە دەرەوەی وڵات ژیان بەسەر دەبات بۆیە لە دەرفەتێکدا بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.*

*دیمانە: داریۆ*



*** ئێستا رۆژ کەریم چی نوێی لەبەرنامەدایە؟**

_ ئێستا خەریکی تەواوکردنی کارەکانی سیدیەکی نوێم کە بەرەو تەواو بوون دەچێت، زۆربەی ئاوازەکانی هی خۆمە و زۆربەی هۆنراوەکانیش هی هێمنی شێخ عومەرن.

*** هونەری کوردی لە چ ئاستێکدایە و گەشبینیت یان رەشبین؟**

_ سەرەتا زۆر گەشبین بووم، بەڵام ئێستا کارەکان بەشێوەیەکی تر دەڕۆن و رێچکەیەکی تریان گرتووە، بەڕای من کارێکی زۆر ترسناکە. جوڵەیەکی هونەری زۆر جوان هەبوو لە کوردستان خەریکە ئەو جوڵەیە خامۆش دەکرێت، بەداخەوە ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت بۆ هونەری کوردی زۆر خراپە. خەریکە هونەر لە هونەرێکی راستەقینەوە دەگۆڕێت بۆ هونەرێکی تر.

* گۆرانیە رۆمانسیەکانت زیاتر لای جەماوەر ناسراون لەو گۆرانیانەی کە خێران تۆ تێبینیت چییە؟

_ نزیکەی بیست و پێنج ساڵە بەشێوەیەکی بەردەوام گۆرانی دەڵێم و لەناو کاری هونەری دام، لەو کاتەدا هەوڵمداوە بەشێوەیەك گۆرانی بڵێم کە هونەرمەندانی تر نەیان پێکاوە. پێشتر گۆرانی نامە و پەیام بوو، ئێستا دوو لایەنەیە وەك جاران نییە. هەوڵم داوە ستایلی تایبەت بە خۆم هەبێت و ئەوەش لە گۆرانیە رۆمانسییەکانم

ڕەنگی داوەتەوە.

*** لە فەیس بووك ناوت هەیە ئایا تۆ بەشداری یان وەك هەندێ هونەرمەند كەسی دیكە ئەو ناوەی تۆی هەڵبژاردووە بۆ خۆی و تۆ ئاگات لێی نییە؟**

_ بەناوی ڕاستەقینەی خۆمەوە بەشدارم و كەسێكی دیكەش هەیە بەناوی ڕۆژ كەریم، بەڵام هاوڕێكانم ئامۆژگاری ئەوەیان كردووم كە بە ناوی خۆم بەشدار بم. زۆر شارەزا نیم و زۆر ئینتەرنێت بەكار ناهێنم، بەڵام وەك وتم پرۆفایلی تایبەتی خۆم هەیە.

***هەندێك لەو هونەرمەندانەی لە تاراوگە دەژین دەڵێن لە كوردستان وەك غەریبە سەیر دەكرێین، ئەوانەی كوردستانیش دەڵێن ئەوەندەی یارمەتی ئەوان دەدرێت یارمەتی ئێمە نادرێت، تۆ ڕات چییە دەربارەی ئەمە؟**

_ بە بڕوای من ئەو هونەرمەندانەی لە كوردستان دەژین نییە مووچەی نەبێت و یارمەتی نەدرابێت. بۆچی پێویستە یارمەتی هونەرمەندانی تاراوگە بدرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە هونەری كوردیان بەرەو پێشەوە برد و لەگەڵ ڕێزم بۆ هونەرمەندانی كوردستان زۆرینەی كارە باشەكان لەسویدەوە دەردەچن و بڵاو دەبنەوە و هونەرمەندانی كورد لە سوید ئەتوانم بڵێم شۆڕشێكیان بەرپاكرد لەڕووی هونەرییەوە. بە هەمان شێوە هەقی خۆیەتی بەپێی پێویست هاوكاری هونەرمەندانی كوردستانیش بكرێت، بەڵام بەداخەوە زۆربەی كارەكان ڕێچكەیەكی كەسی و تایبەتیان وەرگرتووە لە وەزارەتەكان و بەرپرسەكان.

***وەك كوردێك ژیانی تاراوگەت پێ چۆنە؟حەز دەكەی ئێستا لەسوید یان لە كوردستان ژیان بەسەر ببەی؟**

_ زۆربەی ئەوانەی هاتوونەتە دەرەوە هەمووی بەهۆی باری ئابووری و سیاسی بووە، ئەگەر تێبینی بكەی زۆربەمان بەنیازین بێینەوە، من یەكێكم لەو كەسانەی ئاواتەخوازم بێمەوە، هەموو ڕۆژێك بیر لەوە دەكەینەوە بێینەوە وڵاتی خۆمان. بەڵام هاتنەوەش قسەی خۆی هەیە، من چەندین ساڵە لێرەم ژیانم بۆخۆم پێكهێناوە ئێستا بێمەوە كوردستان هیچم نییە و دروستكردنی ژیان جارێكی دیكە كارێكی قورسە. كە دێیتەوە كوردستان بەشێوەیەكی تر مامەڵەت لەگەڵ دەكەن، وەك غەریبە و بێگانە، یەكەم شت لە فڕۆكەخانە دادەبەزیت تۆ میوانی و پێت دەڵێن ئیقامەت وەرگرت. هەندێ شتت ڕووبەڕوو دەبێتەوە كە پێویست ناكات هەبێت.

*** ئایا جگە لە كوردەكان میللەتانی تر و هاووڵاتی ئەوروپی تاچەند جەماوەری هونەرمەندانی كوردی تاراوگەن و سەرسامن پێیان؟**

_زۆربەی جەماوەری ئێمە پێكهاتووە لە كورد، بەڵام بەداخەوە ئێمە واین زۆرتر هونەری بێگانەمان لا خۆشەویستە و زیاتر حەزمان لەهونەرمەندی بێگانەیە نەك كورد، لە كوردستان جەماوەری هونەرمەندی غەیرە كورد زۆرە لە كاتێكدا ئێمە لەڕووی ئاواز و هۆنراوە و گۆرانی وتنەوە زۆر پێشكەوتووین. سەبارەت بە من لەسوید زۆركەس لەكاتی ئامادەبوون لەكۆنسێرتەكان و ڕووبەڕووش پێیان وتوم دەنگت خۆشە و سەرسامی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر دەنگی من، خۆزگە جەماوەری هونەری كوردی ئەوەندە بایەخی بە هونەرمەندانی بێگانە نەدەدا.

***پێوەندیت چۆنە لەگەڵ هونەرمەندان؟**

_زۆربەی هونەرمەندەكان هاوڕێی منن، ئاگاداری هەواڵی یەكترین و پێوەندیمان بەهێزە، لەوانە پەیوەند جاف و ئەژدەر و هەردی و ئەتوانم بڵێم زۆربەیان.

*** كاتی خۆی لەسەر گۆرانی ڕیتا ڕەخنەی زۆرت ئاراستە كرا، ئێستا چیت هەیە دەربارەی ئەوە؟**

_هەموو شتێكی نوێ ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە، كلیپی ڕیتا بۆ كاتی خۆی شتێكی نوێ بوو، پێش كات كەوت ئێستا ئەگەر سەیری بكەی زۆر كلیپی دیكە بەرهەم هاتوون و زۆر ئاساییە لای جەماوەر، ڕیتا كلیپێكی كۆمیدی بوو یەكەم جار بوو بەو شێوەیە كلیپێك تۆمار بكرێت، بۆیە هەندێ كەسیش ئەو قسانەیان كرد كە زیاتر بۆ ئەوە بوو خۆیان ناسراو بكەن لەسەر حیسابی من.

*** ئەگەر كچێكی وەك ڕیتا پێت بڵێت خۆشم ئەوێی چی پێ دەڵێی؟**

_ ئێستا خێزانم هەیە و خاوەنی كوڕێكم (بەپێكەنینەوە)، بەڵام هەموو قۆناغێكی تەمەن كاردانەوەی خۆی هەیە، خۆی كێشەی كلیپەكە لەوە سەریهەڵدا كە ئەوان لەمەبەستی من نەگەیشتن یان لەپەیامی كلیپەكە نەگەیشتن. گۆرانی ڤیدیۆ لەچەند ڕەگەزێكی سەرەكی پێكهاتووە وەك ئاواز و هۆنراوە و دابەشكردن و وێنە و مۆسیقا، كە سەیری كلیپەكە بكەی دەزانی پەیامی من چییە، بەڵام وەك وتم كەسانێك بۆ ئەوەی بناسرێن ئەو قسانەیان كرد ئەگەرنا ئێستا زۆر كلیپی تر هەن و بەو شێوەیە ڕەخنەی لێ ناگرن لەبەر ئەوە ئەوەی من بۆ كاتی خۆی زوو بوو، من پێش سەردەمەكە كەوتم.

*** كەی دێیتەوە كوردستان؟**

_ خۆشحاڵم بێمەوە كوردستان و زۆر پێم خۆشە بەیەكجاری بێمەوە، خۆزگە لایەنی هونەری ئەوەندە خامۆش ناكرێت، لێپرساوانی كورد كاریان لەسەر زۆربەی لایەنەكان كردووە لەسیاسەت و بیناسازی و جوانكاری، كوردستان زۆر پێشكەوتووە و شانازی پێوە دەكەین، خۆزگە زیاتر بایەخ بە هونەر دەدرا، ئێستا كۆمپانیاكان زۆر ڕوو لەكوردستان دەكەن و بەرەو پێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، هەق وایە هونەریش زیاتر بایەخی پێبدرێت و لەو پێشكەوتنە بێبەش نەبێت.

